# خەتای پایزە!

ڕۆژێکی شەممەی سەرەتای مانگی خەزەڵوەر یا کۆتاییەکانی مانگی ئۆکتۆبر بوو. هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکرد، دڵم گیرابوو، بووغزێک سەراپامی گرتبوو، لە ئاوێنە سەیرێکی خۆمم کرد، ڕیشم سێ ڕۆژە بوو، مۆدی پیاوانی ئیتالیاییە، بەس هی من بۆ مۆد نەبوو، هی لەشقوورسی و بێتاقەتی بوو! ژینم قوورس نییە، تەنانەت بە قەدەر دە لە سەدی پیاوێکی کوردستان قوورسی باری ژیانم لە سەر شان نییە، خەمی نانیشم نییە، کەچی لە پیاوە بارقوورسە کوردەکان کە خەمی نانی ماڵ و منداڵە وردیلانەکان چەماندوویانییەوە، دڵتەنگترم. دەستەکانم تاقە قڵشتێکی تیا نییە، وەک ئەو قڵشتانە لە دەستەکانی باوک و دایکمدا ئەمدین، بەڵام دڵتەنگم! پایز و دڵتەنگیی پێکەوە دێن، هاونشینی یەکن، بەڵام ئایا دڵتەنگییەکەی منیش هەر لەمەڕ پایزە؟ ڕاستە پایز دڵتەنگتر لە هەموو وەرزەکانی دیکەی ساڵە، بەڵام جوانییەکانی خۆشی هەیە، سروشت بۆ ماوەیەک ڕەنگی سور و زەرد تێکەڵ بە سەوزە کۆنەکان دەکا و سرووشت لە سەوزی تۆخی تەنیا دەر دێنێت، جوانییەکی تایبەتی بە سرووشت ئەبەخشێت، کە لە وێنە و نیگارەکانیشدا ئەیبیینەوە خێرا دەڵەین ئەوە ڕەنگی خەزانە، بەڵام ئەو جوانییە کورت ماوەیە.

لێرە وەرزەکانیش زۆر لە یەک دەچن، بەو حاڵەش پایز هەر پایزە و پایز لە هەر کوێ بێت، هەر دڵتەنگی دێنێت. جیاوازی پایز لەگەڵ وەرزەکانی دیکە گەڵاڕێزانی دارەکانە لێرە. بە گەڵاڕێزاندا وەرزی پایز لەوانی دی جیا دەکەیتەوە، ئەگینا هەموو کەم تا زۆر وەک یەک هەوری و ساردن. لێرە خۆر بە دەگمەن دەر ئەکەوێت، لە هاوینیشدا هەر هەورە و جار و بار خۆر دەبینیت. بۆیە هەر کە خۆر دەرکەوت، زۆربەی خەڵک، وەک خۆرپەرەست، ڕووت دەبنەوە و خۆیان وەبەر خۆر دەخەن. بە تایبەت لەم شارەی ئێمە، کە لە جوانی و خاوێنیدا بە ناوبانگە، خۆری کەمە، هۆکارەکەی نەک هەر ئەوەیە کە ئوروپایە، بەڵکوو ئەوەشە کە سی مایل لە ژوورو کێوەکانی ئاڵپدایە و هەورەکان لە بەرزاییەکانی ئاڵپەوە ناتوانن تێپەڕن و لەمدیو دەمێننەوە و تا باردارتر و باراناویتر دەبن، قورستر و نزمتر دەبنەوە و سەقفی ئاسمان نزم و ڕەنگی شینی جوانی ئاسمانی بڵیند دەکەنە خۆڵەمێشی و تەمێک ئەخوولقێنن، هەموو کوێ دەکەنە سەر سەحنی شانۆیەکی دراماتیک و تەماویی. ئاخر هەور دایمە حەزی لە سەفەرە. هەورەکان لێرە لەم شارەی ئێمە کە سەفەر دەکەن بەرەو باشوور، لە سەیتەرەی ئاڵپ دەرناچن، هەمدیسان لە سەفەرە نیوەکارە بێئاکامەکەیان هەڵدەگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە و هەر هەموو تووڕەیی خۆیان بە سەر ئێمەدا خاڵی دەکەنەوە. ئاڵپ بەری سەفەریانی گرتووە بەڵام ئەوان لە ئێمە تووڕەن، باردار بن یا بێ بار، دایم لە هاتوچۆدان، دیسان دەڕۆنەوە، دووبارە دەیانگێڕنەوە! چوار وەرزی ساڵ ئەم شانۆیە لە سەر سێنە! کە باردارن زۆر تووڕەن، پێموابێت هی ئەوەیە کە قوورس و دووگیانن، ئەشریخێنن، ئەگرمێنن، ئەتریشقێنن! جارێکیان لە شریخەی دووانیان داچڵەکام، خێرا سەرم بەرزکردەوە و پێیانم وت خۆزگەم بە خۆتان، دەنگتان دایمە ئەبیسترێت و ڕێسپێکت بۆ خۆتان لەمخوارەوە دەستەبەر دەکەن، ڕێسپێکت! پێیانم وت ئێمە زۆرجار دەنگمان نابیسترێت، وەک ئێوە! بەڵام تووڕە مەبن، ئەمە سرووشتە و لە هەوری بەرزیش کە ئێوەن شتی بەرزتر هەیە و لەوانیش بەرزتر و لەوانیدیکەش.... و ئێوە ناتوانن بە گژ باڵای بە شکۆی ئاڵپدا چن و ئەمەش هیچی لەگەڵ ناکرێت! هەورێک کە لەوانیتر باردارتر و ڕوونبیرتر بوو دیسانەوە شریخاندی بە سەرما و وتی، ئەوەی بیستت، شریخەی ئەشقی هاوئامێزیی ئێمەی هەورە! کە ئاشق بین، یەکتر لە ئامێز دەگرین و خۆشەویستیمان بە گوێی هەمووان دەگەیەنین و نایشارینۆ کە ئاشقین، ئەوە ئاوازی ئاهەنگی زەماوەندی ئێمەیە و پاشان بێچووە باران ئەخوولقێنین، بەڵام لە وڵامی ئەوەی وتت، ئەبێ بڵێم، لە ئاست خۆڕاگری هەورا خۆری بەرز و تیشکاوێژیش خۆی دەرناخات. لە ئاست سەبری بێچووی هەورا بەردی خاراش خۆی ناگرێ، چ بگات بە ئاڵپ، کە هەر بەرد و خاک و خۆڵە، کاتم بەرێ، کات، ئەمن دایکی ژیانم! لەبەر خۆمەوە وتم چەن لە خۆ باییە!

ئەم وتووێژەش هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێت، هێشتا هەر پایزە و لێرە کەمجار هەیە حەوتوویەک خۆر هەبێت، خێرا بە دوویدا بارانی بە خووڕ دێت، ئەمەم بەهەور نەوت، وتم با دڵی نەئێشێت، بەڵام بۆ خاڵی کردنی داخی دڵم بە تۆی دەڵێم، کەسم نییە دەردی دڵمی بۆ هەڵڕێژم، لە تۆ زیاتر و هەور نەبێت! بەڵام ئەو وەک باسمانکرد زۆر دڵتەنگە، دایم چاوی بە فرمێسکە! بۆ من نابێت، ئەو دایکە و ئەرکی قورسە، ئەی نابینی تەڕ تەڕ فرمێسک بۆ گڵ دەڕژێ؟ ئەمن ئەبێ دەردە دڵم بۆ تۆ بێژم، تۆ هاونەوعی، هاوجنسی، هاوزمانی، هاوخەمی، بێوڵاتی! ئەزانی چی؟ ئەمەش ئێژم بە هەور مەڵێ، با دیسانۆ دڵی نەکوولێ! ڕەنگە ئەگەر گوێشی لێبێت، تێمان نەگات، ئەو وشانە بۆ ئەو نامۆن! لەبەر ئەوەی هەوای ئێرە پاکە و بەری دووکڵ و کەربونی دووکەڵکێش و ئیگزۆز بە کاتالیزاتۆڕ دەگیرێت و تەنیا هەڵمیان لێ دێتە دەر و بە هۆی باران و گۆلاوی هەورەوە هەموو کوێش سەر سەوزە و بەم مانایەش تەپ و تۆز کەمە، خۆر کەدەرفەت لە هەور دەستێنێ و دێتە دەر، هێند تیشکەکەی تیژە، خێرا پێستت ئەسووتێنێت، بۆیە زۆر گرنگە لێرە کە چوویە بەر خۆر کرێمی دژی هەتاو لە لەش بدەی! تیژی خۆری ئێرە خۆیشی هۆیەکی دیکەیە کە خێرا هەڵم لە

گۆلاوەکان هەڵدەستێنێت و خێراش باران دەبارێت! ئاخر خۆریش باوکی ژینە و بە تیشکی خۆی، هەر کە دەرکەوت، ئاو وەجۆش دێنێ. ڕەنگە لێرە بۆیە هەورە و بەری خۆرمان لێگیراوە، فیتی هەور بێت! وەک پێشگیری و حیفاز بەری ئەو تیشکە تیژە دەگرێت، بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئەو کە هەموو ژیانە لەسەر زەوی زۆر نەسووتێن! ئەدی ئەی هەور خۆی نازانێت کە ئەو دایک و خۆریش باوکە و ژیان بێ تیشکی باوک خەزان و دڵتەنگە؟ من تێناگەم، لەم ئاژاوەی بنەماڵەی سرووشتە! من تێناگەم خەتای هەورە یا هی خۆرە وا دڵتەنگم؟

هەندێک جاریش لە خۆم دەپرسم، ئەی مەگەر زەوی بە دەوری خۆیدا ناخولێتەوە؟ کەواتە بۆ ئاسمانی وڵاتانی ئێمە دایمە تۆز و دووکەڵە و لێرەش دایمە هەوای خاوێنە؟ تۆ بڵەی تۆز و دووکەڵیش لەگەڵ وڵاتەکان بسووڕێنەوە؟ بەس پرسیارێک بوو هاتە مێشکم، گوێ مەدەرێ، بۆ باس ناشێ!

ئەی زستان بۆ ناڵەیت؟ لێرە زستانیش هەر وەک وەرزەکانی تر دەچێت، تەنیا زستانان لەوانی دیکە ساردترە و کەم تا کورتێک لە ناو شار بەفر دەبارێت. بەفری زۆر بەڵام لە ئاڵپ لە کێوەکان دەبارێت و لەوێش دایمە سەرەڕای سەرما و بەفر، ئاوەدانە و لە بەرزترین کێوەکان هۆتێل و پیستی ئیسکی ساز کراون و بە ڕێگای جۆر بە جۆر، قەتاری کورت و تێلەکابینی هەوایی و تەنانەت بە هێلیکۆپتەر، ڕێگا بۆ چوونە سەر ساز کراوە و بێجگە لەوانە ڕێگای بە پێیان سەرکەوتنیش لە چەندین لاوە بە ڕێک و پێکی و ئەمنییەتەوە ساز کراون بۆ ئەوانەی خولیای کێوپێوان و ڕێکۆرد شکاندنیان هەیە! لێرە هەموو کێوەکانیان کردووە بە بەهەشتی وەرزشە زستانییەکان. هەر بۆیە ئێرە یەک لەو وڵاتانەیە کە بە زستانانیش توریستی بۆ دێت و توریستە زستانیەکانیش بوونە هۆی زیاد بوونی پیشە و کار و داهات هەم بۆ خەڵک و هەم بۆ حکومەت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کە وەرزەکانی ئێرە دەبینم و لەگەڵ وڵاتی خۆمان هەڵیاندەسەنگێنم، هەزار ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشم، کە ئێمە جوانترین وەرزەکانمان هەیە و قەدریان نازانین. لە وڵاتی ئێمە وەرزەکان بە مانای وشە ڕەنگ و بۆن و تامی خۆیان هەیە. کە وتت نەورۆز هات و ئەوە بەهارە، هەموو کوێ سەوز و نوێیە و گووڵ و خوونچە و بۆنی هەموو گژ و گیای بەهاریی دەکەیت و ئەتوانیت بەتامترین گیاکانی کوێستان لە وەرزی خۆیدا بە تازەیی بخۆیت. هاوین گەرما و تامی خۆی هەیە و دنیا قرچەی دێت لە گەرمانا و کاڵەک و شووتی و خەیار وترێ و دەیان جۆر میوەی ڕەنگاڵە بە تازەیی لە بێستانەکانەوە کە هەموو سرووشتین و بە خۆر پێ گەیوون و نەک بە لامپا و کەرەستەی سەنعەتی و شیمیایی، لە بەر دەستت دان، نەک وەک ئەوانەی لێرە زۆر و بۆر و بێ تام و بێ ئاون! لە وڵاتی خۆمان ڕەنگی پایز زۆر بەرچاوە و بێجگە لە گەڵاڕێزانی دارەکان، تا بەرەو کۆتایی دەچێت، سەرما و باران و کرێوەش زیادتر دەبێت و ئیتر لە سەرماوەز خۆت بەرەو زستانی سارد ئامادە دەکەیت. من لە بیرم نەماوە، ئەرێ لای خۆشمان پایز هەر دڵتەنگی دێنێت؟ لای خۆمان زستانیش هەر زستانە و بەفرە و سەرما و ڕێبەندانە، زستانی ئێمە بە مانای وشە سارد و هەموو کوێ سەهۆڵبەندانە. وڵاتی ئێمە وەرزەکانی لە جێی خۆیانن، بەڵام هێشتا سرووشتێکی وەحشی هەیە، وەک خۆمان!

کە بیر لەمانە دەکەمەوە ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشم کە ئێمە لە باشترین گۆی زەوی بە چوار وەرزی ساڵەوە دەژین، بەڵام وڵاتمان بە دەست خۆمانەوە نییە و نەتەوەی دیکە دەستیان بەسەریدا گرتووە و نەوەد ساڵە زەخیرە ژێر زەوینییەکانی بە تاڵان دەبەن و ئاسەوارە مێژوویەکانمان ئەدزن و یا لەناویان دەبەن و خەڵکەکە دەچەوسێننەوە و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە باری ئابووری و فەرهەنگیی و زۆر بواری دیکەوە گەلی ئێمەیان دوواکەوتوو ڕاگرتووە. ئێمە بە مێژوویەکی دەیان هەزار ساڵە لە سەر خاکی خۆمان و وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت، لە زێدەگای خۆمان خاوەنی ئیرادەی خۆمان نین و بندەستەی سێ نەتەوەی زۆردار و چڵێسین، کە دووانیان کۆچەرن و ئەو خاکەی تێیدا دەژین، هەمیشە هی خۆیان نەبووە! لە هەموو دڵتەزێنتر ئەمەیە کە هیچکام لە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان درووست کردنی کیانێکی نەتەوەیی نە لە بەرنامە و نە لە درووشمیاندا نییە و هەر نەتەوەیەکی دیکە بەو گەورەیی و مێژوویە لە سەر ئەو خاکە بژییایە و دابەشکراو بوویایە، هەرگیز لە بۆ سەربەخۆیی کەمتر خەباتیان نەدەکرد و کۆمەڵگای جیهانیش بە خۆشی خۆی یا بە زەختی ئەم نەتەوە، پشتیوانی لە سەربەخۆییان دەکرد. بە جێگای ئەوە حیزبەکانی ئێمە یا بە ناوی کومونیزمەوە، یا بە ناوی ئیسلامەوە و یا بە ناوی دێمۆکڕاتەوە، هەر هەموویان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە بە داگیرکراوی مانەوەی وڵات دەکەن، نەک پشتیوانی لە وڵات و نەتەوە چەوساوە و داگیرکراوەکەی خۆیان! ئەمە سرووشتی نییە! حیزبی کوردی هەر لە مەلۆتکە و منداڵییەوە بە هەر سیاسەتێک جۆش کرا، ئیتر قەت ناگۆڕێت و گۆڕان لای ئەو عەیبەیە و ئەمەش بەدبەختی ئێمەیە، ئەم کەللە وشکییە تەعەسووبە توونده کووشتوومانی! ئەم دیاردە بەداخەوە تەنیا لە کورد ئەوەشێتەوە! حیزبی هیچ نەتەوەیەکی دیکە نەگۆڕ نییە، هی کورد نەبێت، هەنووکەش کە دونیا هاوارمان دەکەن کە بە زیاتر لە چل میلیۆن حەشیمەتەوە داوای

سەربەخۆیی وەک ڕەواترین مافمان بکەین، ئەوان خەجاڵەت ئەکێشن، شەرمن و حەیا بەخۆن لە ئاست دۆستانی نەتەوەی داگیرکەر!! بەس کە دەکەونە دژایەتی ناوخۆیی یەکتر، حەیاکە کە دەڵێن دلۆپێکە، خێرا دەتکێ!

بە دڵنیاییەوە سەربەخۆیی مافی لە مێژینەی ئێمەیە و من دڵنیام کە ئەگەر وەها درووشمێک دایمە هەبوویایە، هەم نەتەوەی کۆ دەکردەوە و دەمانزانی چیمان دەوێت و هەمیش کۆمەڵگای جیهانی تێمان دەگەیشتن و دەیانزانی چیمان دەوێ و لە مێژ بوو پشتیوانییان لێکردبووین! ئێستا کەس نازانێت کورد چی دەوێ، تەنانەت بۆخۆشمان نازانین چیمان دەوێ! هەر لێ گەڕێ خەتای پایزە، دڵی تەنگ کردووم...یا هی نەبوونی تیشکی خۆرە گێژی کردووم!

١٨ی سەرماوەزی ٢٧١١